کوردی | ENG

# پێڕستی وەبەرهێنان

## کەورگۆسک

پڕۆژەی پەرەپێدانی حکومەتی خۆجێیی (LOGOReP) دارشتنی پلانێکی فرە سیناریۆو درێژخایەن لەگەڵ دیدگایەکی فراوان

4 پەیامێک لە بەڕێوەبەری شارەدێیی کەورگۆسک

6 شارەوانی کەورگۆسک / کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو

8 دەستەی وەبەرهێنانی کەورگۆسک / چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش

9 بە یەکەوە کارکردن / بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان

10 حەوت پرۆگرامەکەی کارکردن / دیدگایەکی یەکگرتووی درێژخایەن

پرۆگرامەکانی کارکردن (LOGOReP)

12 1. ناوچەیەکی سەرەکی تازە بۆ کەورگۆسک
18 2. بەڕێوەبردنی تۆڕی سەوزایی و گەشت و گوزار لە لایەن هاووڵاتیان
22 3. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی شەقامەکان
26 4. ژێرخانی بنچینەیی
30 5. گەشەپێدانی کارسازی و بازرگانی خۆجێیی
34 6. شارەدێیەکی پڕ لە خزمەتگوزاری
38 7. کۆمەڵگایەکی فێربوون

43 جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو / شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی

" جێگای خۆشحاڵیمانە کە ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان پێشکەش دەکەین. ئەم بەڵگەنامەیە چۆنیەیتی تێڕوانینمان بۆ ئایندەی شارەدێیەکە دەخاتەڕوو هەروەها دەتوانین جی بەدیبێنین لە ڕێگەی بەیەکەوە کارکردن.

هەموو ئەم کارو پڕۆژانە دەستبەجێ ئەنجام نادرێن، بەڵام لەگەڵ هاوبەشەکانمان دەستمان کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژە سەرەتاییەکان. هیوامان وایە کە تەواوی دیدگاکەمان بەدیبێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ".

بەڕێوەبەری شارەدێی کەورگۆسک بەڕێز ئەحمەد نەبی هەروەها بەڕێوەبەری شارەوانی بەڕێز ڕێبین عەونی عەلی.







پڕۆژەی پەرەپێدانی حکومەتی خۆجێیی عێراق (لۆگۆڕێپ) LOGOReP Iraq

# وەبەرهێنان لەگەڵ ئێمە بکە

پەرەپێدانی خۆجێیی دەستپێدەکات بە بەشداری خاوەن بەرژەوەندی لایەنە پەیوەندارە خۆجێییەکان و شارەوانی و پیاوانی ئایینی و سەرکردەکانی کۆمەڵگا و کەرتی تایبەت. هاونیشتیمانیان، بە گەنج و پیرەوە، بە ژنان و پیاوانەوە، پێداویستی و هیواو ئاواتی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەمان شت جێبەجێ دەبێت لەسەر کامپی پەنابەران کە ماوەیەکی زۆرە بووە بە بەشێک لە کەورگۆسک.

هاوکات، پەرەپێدان تەنها لەسەر ئاستی خۆجێیی نییە. حکومەتی کوردستان، لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لایەنێکی گرنگ بووە لە داڕشتنی ئەو پێڕستەی وەبەرهێنان و ئەو دیدگایەی دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی. لە کۆتاییدا، چەندین هاوبەشی گەشەپێدان وەک – VNGI, DRC و UNHCR - پێویستە ئاماژە بدرێت بە ڕۆڵی بەرچاویان لە ئامادەکردنی ئەم پێڕستە.
ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن کەورگۆسک داهاتوو بونیاد دەنێت. بە شێوەیەکی زۆر کردارەکی، ڕێبەرێکە بۆ دۆزینەوەی دیدگای گەشەپێدان. هەنگاو بە هەنگاو هەروەها بە جێبەجێکردنی پڕۆژە لەدوای پڕۆژە، شارەوانی دەبێتە ئەو شارەوانییەی کە خۆی دەیەوێت لەڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو ئەوانەی بەشداردەبن.

کەورگۆسک بانگهێشتتان دەکات بۆ ئەوەی بەشێک بن لە بنیاتنانی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراندنی شارەوانی بەهێز. ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە سەرەتایەکی باشە بۆ بەشداریکردن و وەبەرهێنان لە داهاتووی هاوبەشمان.

شارەوانی کەورگۆسک

# کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو

کەورگۆسک بە دووری 38 کیلۆمەتر لە هەولێری پایتەختی کوردستان، بۆتە نیشتیمانی 14000 هاوڵاتی. ئەم شارەدێیە لە ساڵی 1988 بە شێوەیەکی فەرمی ناسێندرا. لە ساڵی 2013 کامپی پەنابەرانی کەورگۆسک کرایەوە کە شوێنی حەوانەوەیە بۆ نزیکەی 8000 ژن و پیاوو منداڵی سوری. زیاتر لە نیوەی دانیشتووان لە کامپەکەدا دەژین، کە ئاڵنگاری و دەرفەتی جیاواز پێشکەش دەکەن بە بەراورد بە شارەدێیەکانی دیکەی ناوچەکە.

ژیان و گوزەران کردن لە مێژووی نزیکی کەورگۆسکدا ئاسان نەبووە. بە هەمان شێوەی سەرجەم ناوچەکانی دیکەی کوردستان، رابردوو وای لە دانیشتوانی کەورگۆسک کردووە خۆڕاگربن و هەمیشە ئامادەبن زۆرترین بەرهەمیان هەبێت بە کەمترین سەرمایە. تەنانەت پێش کردنەوەی کامپی پەنابەران، کەورگۆسک نیشتیمانێک بووە بۆ چەندین نەتەوەو هۆزی جیاواز. ئەم نیشتیمانە دەبوایە بەم شێوەیە دروست بکرێت. دانیشتوانی یەکەم، خەڵکی رەسەنی شارەدێیەکەن و خانووەکانیان لەسەر ئەو پارچە زەویە دروستکردووە کە پێیان درابوو.

لەرێگەی بەیەکەوە ژیان، هەموو خەونەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەدێیەکە لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی ئایندەیەکی باشترە بۆ منداڵەکانیان. کشتوکاڵ و پاڵاوگەی نەوت و کارگەی ئاسن بنچینەن بۆ فراوانکردنی ئابووری لەرێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و خزمەتگوزارییەکان.

---

شارەدێی کەورگۆسک: چەند راستییەک

ژمارەی دانیشتوان : 6,000 (شارەدێ)؛ 8,000 (کامپی پەنابەران)

ساڵی دامەزراندنی شارەدێ: 1988 ؛ (کامپی پەنابەران) 2013


دووری لە هەولێر: 38 کم

رووبەر: 10 ملیۆن م$^2$ (شارەدێ) ؛ 450,000 م$^2$ (کامپی پەنابەران)

خاوەنکارە سەرەکییەکان : پاڵاوگەی نەوت و کشتوکاڵ و کارگەی ئاسن

---





# چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش

پێڕستی وەبەرهێنانی کەورگۆسک لەسەر ئاستی خۆجێیی داڕێژراوەو بەڕێوەدەبرێت، بەڵام بەشێکە لە کۆششی دابینکردنی ئامرازو ڕێگاکان بۆ کوردستان لەپێناو کارکردن بەرەو پەرەپێدانی بەردەوام. دیدگای کوردستان 2030 چوارچێوەی کار بۆ گەشەپێدانی نیشتیمانی و خۆجێیی فەراهەم دەکات بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و حکومەت (گشتی).




دیدگای گەشەپێدان کە کۆڵەگەی ئەم پێڕستەی وەبەرهێنانە بەشێکە لەو چوارچێوەیەی کارکردن. واژووی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر دیدگای گەشەپێدان، پێگەی سیاسەتی فەرمی پێبەخشیوە. لە کاتی گونجاودا، ئەم پێڕستەش دەبێتە بەشێک لە ستراتیژی نیشتیمانی.

بەم شێوەیە، کاتێک دەستەی وەبەرهێنانی کەورگۆسک لە لایەن بەڕێوەبەری شارەدێیەکە سەرۆکایەتی دەکرێت، کارێکی نامۆ نابێت. ئەندامانی تر لە دەستەکەدا، نوێنەرایەتی خاوەن بەرژەوەندیە سەرەکییەکان و کۆمەڵگاو دانیشتوانی پەنابەر دەکەن. وەبەرهێنان یەکسانە بە بەشداریکردن. لە کاتێکدا کە سەروەری حکومەتی خۆجێیی مسۆگەر کراوە، داوا لە وەبەرهێنەرانیش دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی کەورگۆسک.





# بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان

ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ڕەنگدانەوەی راستییەکانی گەشەپێدانە. ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان، نیشانی دەدەن کە پلانیان بۆ داڕێژراوەو پێشبینیکراون – لە کەرتی تایبەت و حکومی - و لەلایەن هاوبەشەکانی گەشەپێدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێن. گەشەسەندنەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی درێژخایەن، بە یەکەوە دادەڕێژن. چوارچێوەی کات پەیوەستە بە ستراتیژی وەبەرهێنانی نیشتمانی و پارەی بەردەست و پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان.

وەبەرهێنان، پڕۆژە وەبەرهێنانی تازە دێنێت. کاتێک چەند پڕۆژەیەک جێبەجێدەکرێن، هاوبەشی تازە، بە تایبەتی لە کەرتی تایبەت، ئەو دەرفەتانە دەبینێت کە کەورگۆسک دەتوانێت پێشکەشیان بکات. ئەم وەبەرهێنانە گەورەیە راستییەکە لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر لەلایەن ڕێکخراوی UNHCR جێبەجێ دەکرێن وەک بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی ناوەندی هەروەها تۆڕی دابینکردنی ئاو کە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێفەوە UNICEF جێبەجێ دەکرێت.

ئەم پڕۆژانە وادەکەن شارەدێیەکە زیاتر سەرەنجڕاکێش بێت بۆ خاوەنکارە ناوخۆییەکان کە چالاکییەکانیان دەبێتە هۆی زیادکردنی باج و داهات. ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارە دابین دەکات بۆ پێشکەشکردن و بەردەوامیدان بە خزمەتگوزارییەکان. لەسەر ئاستی نیشتیمانیش دەبن بە بنچینەی وەبەرهێنان کردنی تازە لەژێرخانی چاودێری تەندروستی و پەروەردە.

پڕۆسەکە لەسەر ئاستی خۆجێیی بەڕێوەدەچێت بەڵام لە لایەن تیمی پلاندانانی شارستانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار پاڵپشتی دەکرێت. بنیاتنانی توانا (تواناسازی) سێگۆشەی وەبەرهێنان و حکومەتی خۆجێیی و نیشتمانی بەهێز دەکات.

دانیشتوانی کۆمەڵگەی پەنابەران و خانەخوێ بەشێکی دانەبڕاون لە پڕۆسەکەدا. بەشداریکردنیان دڵنیایی دەدات لەوەی کە گەشەپێدان ڕەگ و ڕیشەی لە پێداویستییە ناوخۆییەکاندایە و هاندەری خاوەندارێتی ناوخۆییە. هێنانەکایەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی دەرفەتەکان بۆ خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان لە کرۆکی پڕۆسەی بەشداریکردندان.

حەوت پرۆگرامەکەی کارکردن

# دیدگایەکی یەکگرتووی درێژخایەن




**1. ناوەندێکی سەرەکی تازە بۆ کەورگۆسک**
- (1a) گۆڕەپانی گشتی و فرۆشگاکان
- (1b) باخچەی گشتی و گۆڕەپانی یاریکردن و کۆشک

**2. بەڕێوەبردنی گەشت و گوزارو تۆڕی سەوزایی لە لایەن هاووڵاتیان**
- (2a) دارو درەخت لە نزیک باڵەخانە گشتییەکان
- (2b) پشتێنەی سەوزایی و سەوزایی وەک بەربەست بۆ شارەدێیەکە
- (2c) ناوچەکانی گەشت و گوزار و سەیران
- (2d) ناوچەی سەوزایی لە ناو کامپی پەنابەران

**3. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی شەقامەکان**
- (3a) وێستگەی پاسەکان و خاڵی وەستانیان
- (3b) چاکردنەوەی شەقامە سەرەکی و لاوەکییەکان
- (3c) چاکردنەوەی رێگای سەرەکی
- (3d) رێگای بە باج بۆ بارهەڵگرەکان

**4. ژێرخانی بنچینەیی**
- (4a) تۆڕی دابینکردنی ئاو
- (4b) نوێکردنەوەی تانکییەکانی ئاو و بۆرییەکان
- (4c) چاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ
- (4d) نوێکردنەوەی بگۆڕەکانی کارەبا

**5. گەشەپێدانی کارسازی و بازرگانی ناوخۆیی**
- (5a) ناوچەی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان

**6. شارەدێیەیەکی پڕ لە خزمەتگوزاری**
- (6a) بنکەی ئاگرکوژێنەوە
- (6b) سەنتەری چاودێری تەندروستی گشتی
- (6c) گۆڕەپانی یاری
- (6d) نۆژەنکردنەوەی ناوەندی کۆمەڵگایی
- (6e) باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاو

**7. کۆمەڵگای فێربوون**
- (7a) باخچەی ساوایان
- (7b) قوتابخانەی سەرەتایی
- (7c) قوتابخانەی ناوەندی
- (7d) پەیمانگای نەوت و کشتوکاڵ



**11** بەردەوامی شارو کۆمەڵگاکان

ئامانجی (11) یانزەهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ئەوەیە شارەکان گشتگیرو سەلامەت و خۆڕاگر و بەردەوام بن. یەکێک لە ئامانجەکان ئەوەیە کە پێویستە سەرجەم دانیشتوان دەستیان بگات بە شوێنە گشتی و سەوزەکان هەروەها سەلامەتیان پارێزراوبێت و بنەمای گشتگیری جێبەجێ بکرێت.

دووبارە گەشەدانەوە بە باخچەکە هەنگاوێکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە کەورگۆسک.



به یەکەوە کارکردن لەسەر

# 1 ناوچەیەکی سەرەکی تازە بۆ کەورگۆسک

گۆڕەپانێکی نوێی ناوەندی، بەشە کۆنەکانی کەورگۆسک بە کامپی پەنابەرانەوە دەبەستێتەوە. فرۆشگاکان لە چواردەوری گۆڕەپانەکە دروست دەکرێن. ئەم فرۆشگایانە سەرنجی کڕیاران ڕادەکێشن کە بۆ سەیران سەردانی شوێنەکە دەکەن بۆ کڕینی پێداویستییە گشتییەکانیان. کرێیارەکان لە بەرامبەردا دەبنە هۆکاری ڕاکێشانی پڕۆژەو کاری تازە کە پێویستیان بە خەڵکێکی زۆر هەیە.


گۆڕەپانەکە دەکەوێتە تەنیشت ڕێگای سەرەکی. لەگەڵ تێپەڕبوون بە شوێنەکەدا، ئەم باخە گشتییە ژینگەیەکی سەلامەت و خۆش بۆ کات بەسەربردنی خێزانەکان دابین دەکات. بەشێکی باخە گشتییەکە تەرخان دەکرێت بۆ دروستکردنی نەمامگەیەک کە بەردەوامی دەدات بە سەوز هێشتنەوەی باخەکەو پاراستنی. ژمارەیەک کۆشک لە باخە گشتییەکە دروست دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی خواردن بە سەردانیکارانی باخەکە.

ئەم بەشانە بەسەر یەکەوە، ناوەندی شارستانی تازەی کەورگۆسک پێکدەهێنن. قۆناغی یەکەم لە ئێستاوە لەژێر دروستکردندایە.

دروستکردنی گۆڕەپانەکە و نۆژەنکردنەوەی باخی گشتی ڕێگایەکە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری. بە هەمان شێوە گۆڕانی تێڕوانین گرنگە بۆ کەورگۆسک وەک شوێنێک خواستی لەسەربێت بۆ بنیاتنانی داهاتوو.


ئەم پرۆسەی گەشەپێدانە هەلی کار لە بواری بیناسازیدا دەڕەخسێنێت. فرۆشگاکان و نەمامگەو کۆشکەکان هەلی کاری درێژخایەن لە کەرتی تایبەت دابین دەکەن.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| گۆڕەپانی گشتی و فرۆشگاکان | $115,000 | 120 | 46 |
| باخی گشتی و گۆڕەپانی یاری و کۆشکەکان | $150,000 | 8 | 10 |
| کۆی گشتی | $265,000 | 128 | 56 |




وێنەی سەرەوە: گۆڕەپانی شارستانی دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی. وێنەی خوارەوە لای چەپ: هێڵکاری تایبەت بە گۆڕەپانەکەو فرۆشگاکان. وێنەی خوارەوە لای راست: کۆشکەکان ژیان دەبەخشن بە باخی گشتی و هاوکات خاوەنی کۆشکەکان یارمەتیدەر دەبن لە پاراستن و بەردەوامیدان بە باخەکە.







## (1a) گۆڕەپانی گشتی و فرۆشگاکان

گەشەسەندنێکی هەمەلایەنەی ئابووری بۆ کوردستان تازە نییە کە شوێنی کۆنترین نیشتەجێبوونی مرۆڤی جیهانە. حکومەتی خۆجێیی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانەوە ئاسانکاریان بۆ دەکرێت، دەرفەتێک دەدات بە خاوەنکارەکان بۆ گەشەپێدانی کارەکانیان و هەروەها کۆمەڵگا لە ڕێگەی شانزە فرۆشگای نوێ لە دەوروبەری گۆڕەپانێکی گشتی.


پلاندانان
لە ئارادایە

## (1b) باخی گشتی و گۆڕەپانی یاریکردن و کۆشکەکان

دانیشتوانی کەورگۆسک ڕاهاتوون بۆ ئەوەی زۆر شت بکەن بە سەرچاوەو سەرمایەیەکی کەم. ئەم بارودۆخە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە ساڵانی هەشتاکان هاتوون بەڵام ئەوە بۆ پەنابەرانی ئەم دواییەش راستە. باخە گشتییە نوێیەکە کە یەک هێکتار دەبێت، گۆڕەپانێکی یاریکردن و نەمامگەیەکیش لەخۆدەگرێت. نەمامگەکە نەوەک هەر پارێزگاری لە باخەکە دەکات بە زیندوویی بمێنێتەوە بەڵکو یارمەتی دابینکردنی تێچووی پاراستن و چاککردنەوەی باخەکە دەدات.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

دروستکردنی گۆڕەپانەکە و نۆژەنکردنەوەی باخی گشتی بە مەبەستی دەستپێکردنی بنیاتنان و هاندانی گەشەپێدانی ئابووری زیاترە. بەو پێیەی ناوچەکە وەک شوێنێک دانراوە کە هەموو کەسێک لە کەورگۆسک بەماڵی خۆی بزانێت، ئەم پرۆسەیە گەنج و پیر، دەوڵەمەند و هەژار، ژن و پیاو، پەنابەر و دانیشتووانی خانەخوێ و خێزاندارو سەڵتەکان لەخۆدەگرێت. پێکەوە پێداویستییەکانی دارشتنی نەخشەکە دیاری دەکەن و بابەتەکانی وەک سەلامەتی و تایبەتمەندییە ژینگەییەکان و دەرفەتەکانی کارگێڕی دەستنیشان دەکەن. پرسێکی سەرەکی بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی پلانێک بۆ پاراستنی شوێنە گشتییەکان. یەکێک لەو بژاردانەی کە باسی لێوە دەکرێت ڕێککەوتنە لەگەڵ فرۆشگاکانی کە لە ریزی یەکترن.



گۆڕەپانە شارستانییە نوێیەکە دەبێتە ناوەندێکی تازە بۆ کەورگۆسک. شوێنێک دەبێت بۆ کۆبوونەوەو ئاهەنگ گێڕان و یاریکردن و کارکردن – بە دوورییەکی کەم لەنێوان کامپی پەنابەران لەگەڵ شارەدێی سەرەکی کە بەپێ دەبڕدرێت.



چاندنی دارو درەخت لە لایەن کۆمەڵگا نیشانەی متمانە هەبوونە بە ئایندە. ناوچە سەوزاییەکانی پلانیان بۆ داندراوە لە کەورگۆسک دەبنە هۆکاری کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا.

13 ڕێکارەکانی پەیوەست بە کەش و هەوا

ئامانجی (13) سیانزەهەمین لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێراو پێویست بۆ ڕووبەڕووبەوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەواو کاریگەرییەکانی.



بە یەکەوە کارکردن لەسەر

## 2 بەڕێوەبردنی گەشت و گوزارو تۆڕی سەوزایی لە لایەن هاووڵاتیان

گەشەسەند بە هەنگاوی بچووک دەستپێدەکات. چاندنی دارو درەخت سوود ددەگەیەنێت بە شارەدێییەکە لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا. ئەوە بەرپرسیارێتی هەموو کەسێکە. کاتێک پاڵپشتی دارایی زیاتر بەردەست دەبێت، شارەوانی دەتوانێت پرۆسەکە رێکبخات بە ئاراستەی کەورگۆسکێکی سەوزتر.

پێشبینی دەکرێت پلان و پرۆژەکانی ئەم پێرستە بنە هۆی بووژانەوەی دروستکردنی خانوو و پرۆژەی نوێ. بۆیە پلاندانان و جێبەجێکردنی ناوچەی سەوز بەسوودە لە کاتێکدا شوێنێک هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە.


دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوزایی لە دەورووبەری شارەدێیەکە و رواندنی دارو دەختی نوێ لە نزیک قوتابخانەکان و باڵەخانە گشتییەکانی تر وەک دیارییەک وایە بۆ منداڵانی کەورگۆسک و نەوەکانی ئایندە.

سەوزایی یارمەتیدەرە بۆ هەڵمژینی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا. پشتێنەکانی سەوزایی هێڵێکی بەرگری گرنگن لەبەرامبەر گەردەلوولە خۆڵیەکان هەروەها دەرفەتەی ئابووریش دەرەخسێنێت. بە شێوەیەکی گشتی، شارێکی سەوزتر ناوچەیەکی خۆشتر دەبێت بۆ دانیشتوانەکەی و بنیاتنانی داهاتوویان لەم شارۆچکەیە. لە کۆتاییدا، شارێکی سەوز دەبێتە شوێنێک بۆ مەبەستی گەشتیاری کە دەتوانێت هەلی کارو پرۆژەی زیاتر برەخسێنێت.

| | تێچووی خەملێنراو | هەلی کاری راستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| چاندنی دارەکانی نزیک لە باڵەخانە گشتییەکان | $15,000 | 25 | 5 |
| پشتێنەی سەوزایی و سەوزایی وەک بەربەست بۆ شارەدێیەکە | $600,000 | 25 | 10 |
| گەشت و گوزارو ناوچەکانی سەیرانکردن | $600,000 | 40 | 24 |
| ناوچەی سەوزایی کامپی پەنابەران | $137,000 | 20 | 6 |



وێنەی سەرەوە: سروشتی دەوروبەری کەورگۆسک – بە دیمەنی دڵڕفێنی زێی گەورەشەوە – ناوچەیەکی ناسراوە بە دانیشتوانەکەیەوە. ئەم ناوچەیە گەشەی پێبدرێت و دەپارێزرێت وەک بەشێک لە ناوچە نوێیەکەی سەوزایی. وێنەی خوارەوە: ناوچەکانی سەیران کردن و گەشت و گوزار شوێنی باشتر فەراهەم دەکەن بۆ دانیشتوان و سەردانیکاران تا چێژ ببینن لە سروشتی ناوچەکە و هاوکات دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هەلی کاری تازە (وێنەیەکی پێشبینیکراوی ناوچەکە).





## 2a دارەکانی نزیک باڵەخانە گشتیەکان

چاندنی هەزار نەمام لە دەوروبەری باڵەخانە گشتیەکان و قوتابخانەکان ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی شارەدێیەکە سەرنجڕاکێشتر بێت بەبێ وەبەرهێنانی گەورە. هەروەها دابینکردنی سێبەر و ڕاکێشانی مێروو و ئاژەڵان، دەرفەت دەدەن بە قوتابیان کە فێربن چۆن ئاگاداری سروشت بن.

## 2b پشتێنەی سەوزایی و سەوزایی وەک بەربەست بۆ شارەدێیەکە

گۆڕانی کەشوهەوا بەو مانایەیە کە هاوینەکان گەرمتر دەبن. سەوزایی یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکە بەهۆی ئەوەی ڕووەکەکان گەرمی هەڵدەمژن. پشتێنەیەکی سەوزایی کە سێ هێکتار دەبێت، شارەدێیەکە کەمتر تووشی گەردەلوولی تۆز و خۆڵ ببێتەوە و دەرفەت بۆ باخداری و هەنگەوانی دەڕەخسێنێت.

## 2c شوێنی گەشتیاری و سەیرانکردن

شارێکی سەوزتر شارێکی سەرنجڕاکێشترە بۆ دانیشتووان و هەروەها بۆ گەشتیاران. شوێنەکانی سەیران کردن خزمەت بە گەشتیاران دەکەن و پڕۆژەی بچووک بۆ خۆیان ڕادەکێشن کە دەتوانن لە ڕێگەیەوە خواردنی کەلتووری ناوچەکەو کاری دەستی پێشکەش بکەن. ئەم پێشهاتە نوێیانە وا لە کەورگۆسک دەکەن ببێتە شوێنێک بۆ وەستان و پشوودان و چێژوەرگرتن.

## 2d ناوچەی سەوز لە کامپی پەنابەران

ناوچەی سەوزی نوێ دەبێتە یەکەم شوێنی گشتی لە کامپی پەنابەرانی کەورگۆسک. هەبوونی کافتریایەک لە ناوچەکەدا، شوێنێک بۆ پەنابەران دابین دەکات بۆ بەسەربردنی کات و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکەوە پلانێک بۆ پاراستنی شوێنە گشتیەکان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بە سەوز و پاک و سەلامەت بمێننەوە لە ئایندەدا. بژاردەکان بریتین لە مۆڵەتدان بە کۆشکەکان و چالاکییەکانی تر لە بەرامبەر ئەوەی خاوەنەکانیان (دەستپێشخەرانیان) بەشێک لە شوێنەکە دەپارێزن. هەروەها ڕەنگە دانیشتوانی گەڕەکەکان یان نیشتەجێبووانی ناوچەکە ڕۆڵیان هەبێت لەگەڵ حکومەتی خۆجێیی و هاوبەشەکانی تر.



9 پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی بریتییە لە ئامادەکردنی ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

پرۆژەکانی ناو پێرستەکە پێکەوە دەبنە هۆی گەشەپێدانێکی گشتگیری ژێرخانی کەورگۆسک کە دەرفەت بۆ دانیشتووان و خاوەنکارەکان دەڕەخسێنن بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر.



بەیەکەوە کارکردن بۆ

# 3 گواستنەوەی گشتی و چاکردنەوەی ڕێگاو شەقامەکان

دامەزراوەو دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە قوشتەپە پێویستییان بە فراوان کردن و چاکسازی هەیە بۆ ئەوەی لە خزمەتی دانیشتوان بن کە بەردەوام لە زیادبووندایە. پێویستییەکان زۆرن بەڵام بەپێی گرنگیان ئەولەویەتیان پێدراوە لە لایەن کۆمەڵەیەکی فراوان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان. پێویستییەکان بریتین لە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکانی ئێستا لەگەڵ خزمەتگوزارییە سەرەکییە نوێیەکانی وەک باخچەی ساوایان و سەنتەری فریاکەوتن لەخۆدەگرێت.

بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پەیوەستە بە هاوبەشە جیاوازەکانەوە. هەندێک پرۆژە حکومەتی ناوەندی لە ئەستۆیان دەگرێت و لە پلانی مامناوەندیدا یەکدەخرێن، هەندێکی دیکەش هاوبەشەکانی گەشەپێدان لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. پرۆژە جێبەجێکراوەکان پێکەوە پرۆژەی وەبەرهێنانی تازە ڕادەکێشن. بەم شێوەیە قوشتەپە داهاتووی خۆی دروست دەکات.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| وێستگەی پاس و خاڵەکانی وەستانی پاسەکان | $80,000 | 60 | 26 |
| چاکردنەوەی شەقامە سەرەکی و لاوەکییەکان | $2,070,000 | 50 | 10 |
| چاکردنەوەی ڕێگای سەرەکی | $312,000 | 30 | 8 |
| ڕێگای بە باج بۆ بارهەڵگرەکان | $420,000 | 75 | 10 |
| کۆی گشتی | $2,882,000 | 361 | 78 |



وێنەی سەرەوە: ئەو ڕێگایەی پلانی بۆ ئامادەکراوە بۆ پاسەکان، خاڵی وەستانی بۆ دیاریکراوە کە تەنها ماوەی پێنج خولەک بە پێ دوورە لە زۆربەی دانیشتوانی کەورگۆسک. وێنەی خوارەوە چەپ: وێستگەی پاسەکان شوێنێکی سەلامەت و ئاسان دەبێت بۆ سەرنشینەکان و شۆفێران (وێنەی پێشبینیکراو). وێنەی خوارەوە لای ڕاست: وێستگەکانی پاس شوێنێک دەبن بۆ کۆبوونەوەی دراوسێکان، ئەو پەیوەندییانە بەهێز دەکەن کە وا لە دانیشتووان دەکەن هەست بکەن لە ماڵی خۆیانن (وێنەی پێشبینیکراو).







## 3a وێستگەی پاسەکان و خاڵەکانی وەستانی پاس

وێستگە نوێیەکەی پاسەکان و دە خاڵی دیاریکراو بۆ وەستانی پاسەکان لە تەواوی شارەدێیەکە، هاتوچۆیەکی ئاسان و سەلامەت فەراهەم دەکات. هاوکات، ئەمە دەرفەتێکە بۆ کارسازی، هەلیکار دەرەخسێنێت بۆ شۆفێرکان و میکانیکی (فیتەر) و پاککەرەوەکان.

## 3b چاکردنەوەی ڕێگا سەرەکی و لاوەکییەکان

باشترکردنی ڕێگاکانی ئێستا دەبێتە هۆی ئاسانکاری کردن بۆ پەرەپێدانی شارستانی و باشترکردنی سەلامەتی بۆ شۆفێران و خەڵکی پیادە.

## 3c چاکردنەوەی ڕێگای سەرەکی

ڕێگایەکی سەرەکی باش پارێزراو سەلامەتترە هەروەها دەرفەتی زیاتر دەرەخسێنێت بۆ گەشەسەندنی ئابووری. 1.3 کم لە ڕێگای سەرەکی شارەدێی کەورگۆسک چاکدەکرێتەوە.

## 3d ڕێگای بە باج بۆ بارهەڵگرەکان

هەبوونی ئۆتۆمۆبێلە بارهەڵگرەکان نیشانەی گەشەسەندنی ئابوورین. پێویستییان بە ڕێگای ئاسان و باش پارێزراوە. ئامادەکردنی ڕێگایەکی 3.5 کم بە باج تێچووی ڕێگایەکی سەرەکی نوێ دابین دەکات، هاوکات دانیشتوان سەلامەت دەبن لە جەنجاڵی و دوور دەکەونەوە لە ژاوەژاوو پیسی ئەم بارهەڵگرانە.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

دانیشتوانی کەورگۆسک بە یەکەوە لەگەڵ شارەزایان کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی تۆڕی گواستنەوە، وەک شوێن و قەبارەی شۆستەکان و بۆ دیاریکردنی پرسە سەرەکییەکانی وەک سەلامەتی یان مەترسییەکانی ئێستا. چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەک خەڵکی پیادە و پاسکیلسوار و بەکارهێنەرانی پاس و ئۆتۆمبێل - لە ناوچە جیاوازەکانی شارەدێیەکە — نوێنەریان دەبێت لەم پرۆسەیەدا. لە حاڵەتی دیاریکردنی وێستگەی گواستنەوەدا، کۆمپانیاکانی دابینکردنی پاسیش بەشدار دەبن.



ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی بریتییە لە ئامادەکردنی ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

9 پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

پرۆژەکانی ناو پێرستەکە پێکەوە دەبنە هۆی گەشەپێدانێکی گشتگیری ژێرخانی کەورگۆسک کە دەرفەت بۆ دانیشتووان و خاوەنکارەکان دەڕەخسێنن بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر.



به یەکەوە کارکردن لەسەر

# 4 ژێرخانی بنچینەیی

زۆرجار ئاوی پاک و سەلامەت هەروەها تۆڕێکی ئاوەڕۆ کە بە باشی کاربکات و کارەبایەک پشتی پێ ببەسترێت وەک بنەماو بنچینەکانی گەشەپێدانی ئابووری چاوپۆشییان لێدەکرێت. جگە لەوەی کە پێداویستی گرنگن بۆ خۆشگوزەرانی، هاوکات بەشێکن لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان.

لە سەرەتای دامەزراندنی شاروانییەوە، ژێرخانی ئابووری هەمیشە پرسێک بووە. لە ئێستادا ئامانجی کوردستان گەشەی ئابوورییە بۆ ئەوەی بناغەیەک بۆ گەشەسەندنی ئابووری بەردەوام دروست بکات. دابینکردنی ژێرخانی ئابووری.

دەرفەت دەدات بە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر. ئەو ژێرخانەی کە لەگەڵ ئەم هیواو خواستەدا بگونجێت هەنگاوی یەکەمە بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستە.

ئاوی پاکی پێویست و سیستم و تۆڕێکی تەندروست بۆ ئاوی پیس کاریگەری لەسەر تەندروستی هەموو دانیشتووان هەیە. دابینکردنی ئاوێکی پاک لە بەلوعەکانەوە باشترە لە هێنانی ئاو لە بیرەکانەوە لەبەرئەوەی کات کورت دەکاتەوە. ئەوە بە تایبەتی بۆ کچانی گەنج گرنگە چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی چوون و نەچوونیان بۆ قوتابخانە و بەدەستهێنان یان بەدەستنەهێنانی پەروەردەو فێرکردن.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| سیستمی دابینکردنی ئاو | $3,000,000 | 94 | 12 |
| نوێکردنەوەی تانکییەکانی ئاو و بۆرییەکان | $300,000 | 50 | 14 |
| چاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ | $1,020,000 | 96 | 10 |
| نوێکردنەوەی بگۆڕە کارەباییەکان | $30,000 | 10 | 3 |
| کۆی گشتی | $4,350,000 | 250 | 39 |



باشترکردنی ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا سوودی بۆ کۆمەڵگاکانی پەنابەران و خانەخوێ دەبێت. ئەوە بنەمای گەشەسەندنی ئابووری نوێ و شارەوانییەکی گەشەسەندووە بۆ ساڵانی داهاتوو.



## 4a لێکۆڵینەوە لە سیستەمی دابینکردنی ئاو

سیستەمی دابینکردنی ئاوی کەورگۆسک وێران بووە و توانای پێویستی نییە. دزەکردنی نیتراتەکان وا دەکات ئاوی بیرە ناوخۆییەکان نەگونجێت بۆ بەکارهێنان. دابینکردنی ئاوی کوالیتی باشی پێویست واتە پلاندانان بۆ سیستەمەکە. توێژینەوەی تایبەت بە کەلک و تواناکان تەواو بووە؛ نەخشەی بە ووردەکاریەوە و تێچووی لە بواری جێبەجێکردندایە.

## 4b نوێکردنەوەی تانکییەکانی ئاوو بۆرییەکان

ژێرخانی ئێستا ئاوی پاکی پێویست دابین ناکات. خزمەتگوزاری باشتر یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی کرێی راستەقینەی خزمەتگوزارییەکان لای دانیشتووان پەسەندکراوبێت. 800 مەتر بۆری دەگۆڕدرێت، لەگەڵ نوێکردنەوەی تانکییەکانی ئاوی ئێستا.

## 4c چاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ

سیستەمی ئاوەڕۆی ئێستا پێویستی بە چاککردنەوە و هەروەها درێژکردنەوە هەیە. بە گشتی هەشت هەزار و 8,500 مەتر بۆری نۆژەن دەکرێتەوە. ئەم چاکردنەوانە یەکەم هەنگاون بۆ وەرگرتنی پارەی گونجاو لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکی باش.

## 4d نوێکردنەوەی بگۆڕەکانی کارەبا

گەشەسەندنی ئابووری سنووردار دەبێت ئەگەر کارەبای پێویست و جێگیر دابین نەکرێت. هەنگاوی یەکەم بۆ باشتر دابینکردنی کارەبا بۆ کەورگۆسک نوێکردنەوەی سێ بگۆڕی کارەباییە.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

لێکۆڵینەوە کردن لەسەر پرسەکانی ئێستا و داواکارییەکانی بەکارهێنەرانی کۆتایی لە باشترکردنی تۆڕی کارەباو ئاو و پاکوخاوێنیەوە دەستپێدەکات. هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکدەکەون لەسەر بەرپرسیارێتیەکانی پاراستنی سیستەمەکە. لەوانەیە بژاردەی جیاواز لەگەڵ بەکاربەرانی کۆتایی و هاوبەشان تاقیبکرێتەوە پەیوەست بە پێدانی کرێ لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان، وەک ئامادەبیان هەبێت بۆ پارەدان، ئەوەش ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ڕاپرسی یان گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو.



8 کارێکی شایستەو گەشەی ئابووری

ئامانجی (8) لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هانی گەشەیەکی ئابووری نەپچڕاوو گشتگیرو بەردەوام دەدات هەروەها پیشەیەکی تەواو و بەرهەمدار و کاری شایستە بۆ هەمووان.

پرۆژەکانی کە لەم پێرستەدا هاتوون زیاتر لە 3200 هەلی کار دەرەخسێنن هەروەها بناغەی گەشەی ئابووری خۆجێیی دادەڕێژن.



کارکردن بە یەکەوە لەسەر

# 5 گەشەپێدانی کارسازی خۆجێیی

شارەوانییەکی گەشەسەندوو دەرفەتی گەورە بۆ خاوەنکارەکان دەرەخسێنێت - ناوخۆیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی. کوردستان زۆر شتی هەیە پێشکەش بە وەبەرهێنەرانی بکات.


کۆمەڵگاکان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانەوە ئەو دەستپێشخەریانە بکەنە ڕاستی. وەبەرهێنانی ناوخۆیی بەشێکی گرنگی ئەم پرۆسەیەیە. پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان ڕەگ و ڕیشەی پتەویان لە کۆمەڵگادا هەیە و زۆربەیان هەلی کاری سەقامگیرو درێژخایەن دەرەخسێنن.

حکومەتی خۆجێیی و وەبەرهێنەران پێکەوە کلیلی داهاتوویەکی باشتریان لە دەستدایە. ئەوەش لە ڕێگەی ئاسانکاری کردن بۆ پرۆژە نوێیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە ڕێگەی هاوبەندی و هاوبەشییەوە بەدی دێت. کەورگۆسک پلانی بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی پیشەسازی هەیە  کە بە پشتێنەیەکی سەوزایی لە شارەدێیەکە جیا بکرێتەوە.

چالاکییە ئابوورییەکانی ئێستا لە شارەوانی و دەوروبەری دەرفەتی فراوانکردن دەرەخسێنن. گۆڕینی بەرهەمی کشتوکاڵی بەها زیاد دەکات و هەلی کار دروست دەکات. بە هەمان شێوە کۆمپانیاکان کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ پیشەسازی پۆڵا و پاڵاوگەی نەوتی ئێستا دابین دەکەن.

ئەنجامی ئەو کارو پیشانەی دەرەخسێن کۆچکردنی دانیشتوانی کەورگۆسک پێچەوانە دەکەنەوەو شارەدێیەکە بەرەو باشتر دەبن. دانیشتوانی ئێستا و پێشوو هەلێکیان بۆ دەرەخسێت کە بەشێک بن لەو لەو سەرکەوتنە.

| | تێچووی خەملێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| ناوچەی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان | $10,000,000 | 400 | 300 |
| کۆی گشتی | $10,000,000 | 400 | 300 |



ناوچەی پیشەسازی، بە پشتێنەیەکی سەوزایی لە شارەدێیەکە جیاکراوەتەوە، دەبێتە هۆی گەشەپێدانێکی گەورە بۆ ئابووری خۆجێیی و بازاڕی هەلی کار (وێنەی پێشبینیکراو).



## 5a ناوچەی پیشەسازی و خزمەتگوزاری

پلان ئامادەکراوە بۆ زیاتر لە 160,000 م$^2$ بۆ ناوچەی پیشەسازی نوێ کە دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژئاوای کەورگۆسک. ئەم شوێنە ناوەندێک دەبێت بۆ کۆمەڵگەیەکی بازرگانی کە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ پرۆژەو پیشەسازییەکانی ئێستا بەرهەم دەهێنێت. هەروەها شوێنی ڕەخساندنی دەرفەتی نوێی کارسازی دەبێت. مەبەست لەو ناوچەیە ئەوەیە ببێتە پاڵنەری سەرەکی هەلی کاری نوێ لە شارەدێیەکەدا.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

هەموو پرۆژەیەک بە کۆکردنەوەی خاوەنکاران و وەبەرهێنەران و هاوبەشان لە کەرتی جیاواز و بەکاربەرانی داهاتوو دەستپێدەکات. هەموویان بە یەکەوە پێداویستییەکانی باڵەخانەو ژێرخانی نوێ دیاری دەکەن، لەگەڵ نموونەکانی خاوەنداریێتی و کارپێکردن. بەشداری دەکرێت بە خاوەنکاری گەورە و بچووک لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی کارسازی و بازرگانی.



**3** تەندروستی باش و خۆشگوزەرانی

ئامانجی (3) لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەستەبەر کردنی ژیانێکی تەندروست و باشترکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو کەسێک و هەموو تەمەنێک.

وەرزش کردن و کۆبوونەوەو گەشەپێدانی کارامەییەکان ڕێگایەکە بەرەو تەندروستییەکی باشتر. ئەمەش لە ڕێگەی دامودەزگاپەیوەندیدارەکان ئاسانکاریان بۆ دەکرێت کە پلانیان بۆ داندراوە لە لایەن کەورگۆسک، وەک یاریگایەک بۆ یانە خۆجێییەکانی وەرزشی.





## 6 دامودەزگا و خزمەتگوزارییەکان

وەبەرهێنان لە دامودەزگا و خزمەتگوزارییەکان بەندە بە پارەی بەردەست و کاری وەزارەتە جیاوازەکان. ئەم پێڕستە هاوکاری بڕیاربەدەستان دەکات بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە کەورگۆسک زۆرترین پێویستی پێیەتی. لەسەر ئاستی شارەوانیدا پێداویستییەکانی لایەنە پەیوەندیدارە جۆراوجۆرەکان دەخاتەڕوو. لەسەر ئاستی نیشتمانیش کارە لەپێشینەکانی حکومەت و هاوبەشەکانی گەشەپێدان ڕوون دەکاتەوە.

هەموو ئەوانەی بەشدارن پێکەوە دەتوانن ئاسانکاری بکەن کە کەورگۆسک بۆ ماوەیەکی درێژتر بگۆڕن

بۆ شارەدێیەکی گەشەسەندوو بە شێوەیەک خزمەتگوزاری پێشکەش بە لادێکانی دەوروبەری بکات.

شارەدێیەکی پەرەپێدراو پێویستی بە ژێرخانێکی پێشکەوتوو هەیە. خواستی یەکخستنی کامپی پەنابەران لەگەڵ شارەوانی کەورگۆسک تێچووی زیادە دەخاتە ئەستۆی شارەوانی بەڵام وزەیەکی نوێ دەهێنێتە شارەدێیەکەوە لە هەمان کاتدا دەرفەت بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی گەشەپێدان دەڕەخسێنێت.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| باڵەخانەی بنکەی ئاگرکوژاندنەوە | $300,000 | 100 | 30 |
| سەنتەری چاودێری تەندروستی گشتی | $260,000 | 30 | 40 |
| یاریگا | $600,000 | 500 | 15 |
| نۆژەنکردنەوەی سەنتەری کۆمەڵگایی | $240,000 | 94 | 12 |
| کۆی گشتی | $1,400,000 | 724 | 97 |




وێنەی سەرەوە: وێنەیەکی پێشبینیکراوی بنکەی ئاگرکوژاندنەوەی کەورگۆسکە، کە دەبێتە بەشێک لە ژێرخانی بنەڕەتی سەلامەتی شارەدێیەکە. وێنەی خوارەوە: زۆربەی ئەو دامودەزگاو خزمەتگوزاریانەی پێشنیازکراون لەم پێرستەدا، وەک نۆژنکردنەوەی سەنتەری کۆمەڵگایی (وێنەی ناوەڕاست و چەپ)، کۆدەکرێنەوە لە دەوروبەری گۆڕەپانە شارستانیەکە (وێنەی پێشبینیکراو).






### 6a بنکەی ئاگرکوژاندنەوە

دامەزراندنی بنکەیەکی بەرگری شارستانی بەهێز دەرفەت دەرەخسێنێت لەسەر ئاستی ناوەندی و لەسەر ئاستی شارەوانی. دامەزراندنی بنکەی ئاگرکوژێنەوەی کەورگۆسک لە نەخشەسازی و پێداویستییەکانی بودجەوە دەست پێدەکات.

### 6b سەنتەری چاودێری تەندروستی گشتی

فراوانکردنی سەنتەری چاودێری تەندروستی گشتی ئێستا (جۆری B) سوود بە شارەدێیەکە و دەوروبەری دەگەیەنێت. ئەرک لەسەر شانی سەنتەرەکانی تەندروستی شارو شارۆچکەکانی دیکە کەم دەکاتەوە، هاوکات خزمەتگوزاری پێشکەش بە پەنابەران و کۆمەڵگای خانەخوێ دەکات.

بنیاتنان تەواو بووە

### 6c یاریگا

تیپی ئەستێرەکانی تۆپی پێی کەورگۆسک شانازین بۆ شارەدێیەکە. بەشداری چالاکانەیان لە یانەکان و تیپەکانی قوتابخانەکان ژیانی گەنجان رێکدەخات و هاوکات ئاستی گیانی هاونیشتیمانی بوون بەهێز دەکات. یاریگایەکی دوو هەزار کورسی، شوێنی پێویست دابین دەکات.

### 6d نۆژەنکردنەوەی سەنتەری کۆمەڵگایی

سەنتەری کۆمەڵگایی کە دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی جێگای هەردوو سەنتەرەکەی ئێستای کامپ دەگرێتەوە. سەنتەرەکە چالاکیی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات لەگەڵ پشتگیری کردن لە بوارەکانی وەک بژێوی ژیان و خوێندەواری گەوران.

### 6e باڵەخانەی فەرمانگەی ئاو

باڵەخانەیەکی نوێ بۆ فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆی شارەوانی ژێرخانێکی باش فەراهەم دەکات بۆ کارمەندەکانی تا بتوانن خزمەتی دانیشتوانی کەورگۆسک بکەن.

#### بنیاتنانی کۆمەڵگا

پابەندبوون بە پەرەپێدان بە دامودەزگاکان خاڵی دەستپێک دەبێت بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر یەک مێز. سەرکەوتن پەیوەستە بە دۆزینەوەی کارمەندانی ئاست بەرز وەک کارمەندانی تەندروستی هاوکات دابینکردنی پارەو سەرمایەی پێویست بۆ ئەوەی مووچەیان بۆ دابین بکەن لەپێناو پاراستن و بەردەوامیدان بەم دامودەزگایانە. لەگەڵ دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەک، لێکۆڵینەوەیەکی خێرا ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پەیوەست بە شوێنی بەردەست.





ئامانجی (4) لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لە مسۆگەر کردنی پەروەردەیەکی باش و یەکسان هەروەها پەرەپێدان بە دەرفەتەکانی فێربوونی هەتایی بۆ هەمووان.

لە پێڕستەکەدا پلان هەیە بۆ پێشخستنی سیستمی پەروەردەیی هەروەها دروستکردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی کە پێشووتر پلانی بۆ داندراوە وەک بەشێک لە پرۆژەکانی ڕێکخراوی UNHCR.



کارکردن بە یەکەوە لەسەر

## 7 کۆمەڵگای فێربوون

منداڵان ئایندەی هەر وڵاتێک دیاری دەکەن. حکومەتی کوردی وزەو پارەیەکی زۆر بۆ پەروەردەی منداڵان تەرخان دەکات. هێشتا، مێژووی نزیک ماوەی نەداوە بۆ بەدیهێنانی سەرجەم هیواو خواستەکان. پێویستی فەراهەمکردنی پەروەردەیەک بە جۆرێتییەکی باش لە هەموو ئاستەکانی سیستەمەکەدا بۆ هەموو بەشداربووان ڕوونە. بەو واتایەی دابینکردنی باڵەخانەو ژێرخانی قوتابخانەکان، پلەو پێگە بۆ مامۆستایان و کارمەندانی شارەزا بۆ پڕکردنەوەیان پێویستە. پلانەکان لە کەورگۆسک بریتین لە دابینکردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی لە لایەن ڕێکخراوی UNHCR. هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکان پشتگیری لە دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی نوێ دەکەن. دامەزراندنی سیستمی پەروەردەیی ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ تێکەڵکردنی منداڵانی پەنابەر بە سیستمی خوێندنی کوردیدا. ڕێکخراوی یونیسێف پاڵپشتی و هاوکاری وەزارەتی پەروەردەی کردووە بۆ دەستپێکردن بە نوێترین سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران ، کە داوای تێکەڵکردنی تەواوی منداڵانی پەنابەر دەکات بە قوتابخانەکانی ئێستا. ئەم سیاسەتە بەشێکی سەرەکی دەبێت لە جێبەجێکردنەکە.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | $1,000,000 | 200 | 56 |
| قوتابخانەی سەرەتایی | $800,000 | 120 | 32 |
| قوتابخانەی ناوەندی | $500,000 | 150 | 36 |
| پەیمانگای نەوت و کشتوکاڵ | $2,500,000 | 200 | 40 |
| کۆی گشتی | $4,800,000 | 670 | 164 |



وێنەی سەرەوە: قوتابخانە ناوەندیە نوێیەکە کە لە کاتی ئێستادا لەژێر دروستکردندایە. وێنەی خوارەوە: دروستکردنی قوتابخانە تازەکان جەنجاڵی ناو پۆلەکان کەم دەکەنەوە جگە لەوەی ئاسانکاری دەکەن بۆ تێکەڵکردنەوەی پەنابەرانیش لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ و سیستمی پەروەردەیی نیشتیمانی (وێنەی پێشبینیکراو).






### 7a باخچەی ساوایان

دروستکردنی دوو باخچەی ساوایان بۆ کەورگۆسک کارێکی لەپێشینەی گرنگە بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەم باخچانەی ساوایان دەستپێکێکی باش ژیان دەبێت بۆ فێرخوازە بچووکەکان.

### 7b قوتابخانەی سەرەتایی

بە گوێرەی زانیارییەکانی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان هێشتا پێویستی بە هەزاران قوتابخانە هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی سەرجەم منداڵان. کەورگۆسک یەکێکە لەو شارەدێیانەی کە پێویستی بە قوتابخانەی سەرەتایی زۆر هەیە. لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکەوە کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی قوتابخانەیەکی تازە بۆ شارەدێیەکە.

### 7c قوتابخانەی ناوەندی

ڕێکخراوەی UNHCR پشتگیری کردووە لە دروستکردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی 12 پۆلی پێویست لە کەورگۆسک لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە. قوتابخانەکە لە خزمەتی قوتابیانی پەنابەر و کۆمەڵگای خانەخوێ دەبێت و گرفتی قەرەباڵغی پۆلەکان لە قوتابخانەکانی تر چارەسەر دەکات و هاوکار دەبێت لە تێکەڵکردنی منداڵانی پەنابەر بە سیستمی پەروەردەیی کوردستان.

بنیاتتان
لە ئارادایە

### 7d پەیمانگای نەوت و کشتوکاڵ

چالاکییەکانی ئابووری لە کەورگۆسک چڕبۆتەوە لە بەرهەمهێنانی نەوت و کاری کشتۆکاڵی. هەردوو کەرتەکە پێویستیان بە کارمەندی تازەی راهێنراو هەیە. کەورگۆسک پلانی هەیە بۆ سەنتەرێکی راهێنانی پیشەیی بۆ ئەوانەی بەم دواییە قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە.

#### بنیاتنانی کۆمەڵگا

قوتابخانەکان ناوەندێکن بۆ زۆربەی کۆمەڵگاکان. قوتابیان و دایباب و مامۆستایان و سوودمەندانی تر بەشێک دەبن لە پرۆسەی دیاریکردنی شێوازی دابەشکردن و دانانی قوتابخانەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا. هەروەها بەشداردەبن لە دارشتنی پلانی دۆزینەوەی مامۆستایانی شارەزاو باش، هاوکات دابینکردنی سەرمایەو پارەی پێویست بۆ پێدانی مووچەکانیان و پاراستن و بەردەوامیدان بە دامەزراوەکانیان. هەر پرۆژەیەک بە لێکۆڵینەوەیەک دەست پێدەکات بۆ دیاریکردنی پێویستییەکانی پەیوەست بە شوێنی بەردەست.



حوزەیرانی **2021** : بەشداریکردنی **35** لایەنی پەیوەندیدار بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی پڕۆژەکان بەپێی گرنگیان (ئەولەویەتیان) لە پێڕستی وەبەرهێنان.



جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو

# شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی

دەگوترێت کە ئامانجێکی بێ پلان تەنها خەونێکەو هیچی تر. حکومەتی خۆجێیی و کۆمەڵگای کارسازی و دانیشتوانی کەورگۆسک بە خەونێک دەستیان پێکردووە بۆ شارەدێییەکەیان. خەونەکە گۆڕدراوە بە کۆمەڵێک ئامانج کە لە رێگەی پڕۆژەکانی ناو ئەم پێڕستە بەدیدێت.

پێڕستەکە گونجاوی لە نێوان پڕۆژە هەڵبژێردراوەکاندا بەرجەستە کردووە. هەر پڕۆژەیەکی جێبەجێکراو و بەدیهاتوو هەنگاوێکە بەرەو خەونی هاوبەشی کەورگۆسک کە ژیانێکی باش بۆ هەمووان دابین بکات. شوێنێک بێت پێی بگوترێت ماڵ، بڕۆیت بۆ قوتابخانە و بۆ کارکردن. ناوەندێک بێت بۆ خەڵکی گوندەکان بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی، بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و کڕینی ئەو بەرهەمانەش کە زەویەکانیان بەرهەمی ناهێنن.

پێڕستی وەبەرهێنان بەڵگەنامەیەکی زیندووەو رێبازێکی ستراتیژی پێشکەش دەکات بۆ وەبەرهێنانی خۆجێیی. رێبازی وەبەرهێنان ئاراستە دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی کەورگۆسک و هاوپەیمانی وەبەرهێنەران و گەشەپێدەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ هەر پڕۆژەیەک کە پێکدەهێنرێت. هەروەها بەرپرسیار دەبن لە پلاندانان بۆ پاراستنی درێژخایەنی پڕۆژەکان، وەک بەڕێوەبردنی شوێنی سەوزایی و دامەزراندنی مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەکان.

ئەو ڕێبازە یەکگرتووەی کە پێڕستەکە دەیگرێتەبەر، پڕۆسەی بڕیاردان بۆ حکومەتی خۆجێیی و ناوەندی و هەروەها بۆ خاوەنکاران و هاوبەشەکانی گەشەپێدان ئاسان دەکات. پێکەوە لەگەڵ خەڵکی کەورگۆسک پڕۆژەکان بەدی دێنن و شان بە شانی ئەوەش خەونەکەی کوردستان ئایندە دروست دەکات.

ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان دەستپێشخەریەکە لە لایەن

شارەوانی کەورگۆسک، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، کۆمەڵەی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG) نێودەوڵەتی، ئەنجومەنی پەنابەرانی دانیمارک هەروەها کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR.

پەیوەندی بەم لایەنانەی خوارەوە بکە ئەگەر پرسیارت هەیە

شارەوانی کەورگۆسک kawergoskmunicipality@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی شارستانی momt.gdup@gmail.com
(وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار)

VNG ی نێودەوڵەتی rawshan.atrooshi@vng.nl

تشرینی یەکەمی 2022